# هەورامان لەنێوان وەهمی دەنگۆو سەرچاوە مێژووییەکاندا

ڕەئووف مەحموودپوور - مەریوان



هەورامـان، وشـەیەک بۆ جـێناوێکی دێرین و بەرباس. وشـەیەکی لانگر لە قـەوارەی زمـان و بیروەهێنەر(١) لە چەند ڕەهەندا:

هەورامان : دەڤەرێکی بەرین و شاخاوی
هەورامان : وشەیەکی کۆن و لێڵ
هەورامان : کلتوورێکی ئەتنیکی و کەونارا
هەورامـان : مـێـژوویەکی حـەشـاردراو و تۆز لەسەر نیشتوو
هەورامان : ...

ئەم وشـەیە تا ئێـسـتـا بەجـاران کـەوتـۆتە بەرسەرنج و توێژینەوە. بووەتە بنماکی ڕاوەگۆڕی و خواسی دەمقالاوی. لە وتار و دیمانە و ڕۆژنامە و بەسەر سایتەکانیشەوە. لە لایەن پسپۆڕ و شوان و سیاسەتوان و دەنگخۆش و بەتاڵیشەوە!

یەک لەو وتارانە کـــە ڕەنـگە هاندەرێکی سەرەکی ڕسکانی ئەم گوتارە بووبێت، دەقێکی هێژا کامیل سەفەریانە، کە بەزمانی فارسی و لەژێر ناونیـشـانی (خـاسـتـگـاه تاریخی نام اورامـان)، لە ژمـارە ٢٥٦ ی حـەفـتـەنامـەی سیروان ، خولی شەشەم، ساڵی ١٣٨٢، لاپەڕە ١٥دا هاتۆتە پەخش.

خـاوەن دەق ئەم دێڕانە ئەکـاتە دەسـپـێـکی وتارەکـەی :" هەورامـان یەک لەشـوێنە دێرین و

بنەمادارەکانی وڵاتە و دەڤەرێکە کە میراتێکی کۆن و بمێنی(٢).

لە کلتووری کەونارای ئەم وڵاتە، لە خۆدا حەشارداوە. گەلۆ، لەم دەڤەرە دێرینە چی دەزانین(٣).

گوشراوی وتارەکەی بەڕێز سەفەریان، لە دەربڕکردنی دوو بۆچووندا دێتە کۆتایی:

**یەکەم**: لێکدانەوەی وشەی هەورامان بەشاری ئەمن و پڕ ئاسایش. ئەمەش لە ماناکردنەوەکەی بورهانی قاتیعەوە نزیکە، ئەویش لای وایە ئاورامان واتە شوێنی سەخت و دژوار.

**دووهەم**: بەزاگرۆسی زانینی میراتی وشەی «ئوور». گوایە ئەم وشەیە لە زاگرۆسەوە چاوگەی بەستوە و لە لایەن شارستانییەتی نێوڕوانەوە قۆستراوەتە.

جیاوازی وتارەکەی سەفەریان لە گەل زۆرێک لە وتارەکانی هاومەبەست، لەوەدایە کە چەپکێ بەڵگە و فاکت پۆلێن کراون و هەوڵدراوە باسەکە بەبەڵگە و خاوەن فاکت بێت. ئەمەش مایەی دەسخۆشانەیە. چوونکوو زۆر بۆچوونی کرچوکاڵ و بێ بەڵگە و رەمەکی لە سەر ئەو مەبەستە بڵاوکراونەتەوە و سەرگێجەی زۆریان تووشی هۆگران کردوە.مانای وەها بۆ هەورامان دا تاشراوە کە بەراستی جێگای سەرسووڕمانە. وەک:

بردنەوەی بۆ لای کەسێک بە ناوی هەورام. گوایە هەورام و مەروان دوو برابوون و مەریوان و هەورامانیان ئاوەدانکردۆتەوە؟!

شارەزایانی بواری ئەفسانە و ئوستووورە، باش دەزانن کە ئەم ئەفسانە ناقۆڵایە لە ئەفسانەیەکی بەبنەمای رۆمییەکانەوە گیراوە. رۆمییەکان لەو ئەفسانەیەدا لایان وایە کە رمۆس و رۆمۆلۆس(remus - romulus ) دوو برا بوون کە لە منداڵیدا بەشیری دەڵەگورگێک پەروەردەکران و گەورە بوون. دواتر رۆمۆلۆس دەبێتە قاتڵی رمۆس. رۆمۆلۆس بەپێی ئوستوورە رۆمییەکان ، بونیادنەری شاری رۆما و یەکەم پاشای ئەو شارەش دەبێت. بۆ خۆشی لە تۆفانێکدا، ون و بێ سۆراخ دەبێت (٤).

(رەنگە زۆر کەس فیلمی (چریکەی هەورام)ی دیبێ کە ناوەکەی لە لایەن چەند پسپۆری وێنەکێشان و هونەرییەوە بەفیلمسازەکە پێشنیارکرابوو)!!

ـ هور ئاما ، واتە جیابوویەوە . هەڵهات، یان دەرکەوت و بەرز بوویەوە.یان ... لە گوزارشتێکی تەلەفزیۆنیدا کە نووسەرەکەی شاعیرێکە ( بەڕێز رەحیم لوقمانی) و ئەو فیلمە کە گوزارشتێکی وێنەگرانە لەسەر هەورامان بوو و بەجاران لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانەوە هاتە ڤەشان ، بەو ناوە ناونرابوو؟!

ـ ئاورامانە ، واتە برسیمانە. کەواتە خەڵکی ئەوێ کەسانێکی برسی و لات و رووتەڵە بوونە؟!

ـ ئەهورامان ، کە لە ئەهورامەزداوە گیراوە.

تەنانەت یەک لە سایتەکانیش کە بەناوی پاوە و هەورامانەوە دێتە نواندن، چەپکێ لەو مانایانە بەسەر مێشکی خوێنەردا دەبارێنێ .

لە زۆر وتار و شوێنی دیکەش دووپات کراونەتەوە.

بەڕێز حەمەئەمین هەورامانیش لە کتێبەکەیدا کە لە سەر مێژووی هەورامان نووسراوە چ شۆڵەیەکی رووناکیبەخش ناگرێتە ئەم وشەیە.ئەمەش لە کاتێکدایە کە کۆششەکانی پێشتری ناوبراو کە لەسەر لێکدانەوەی چەپکێ وشە بوون، وەها چاوەنوارێک بەرەواتر دەکات. بۆچوونەکانی ئەو بەڕێزە، نەک هەر شۆڵەبەخش نین، بەڵکوو سەرلێشێوێنەر و جێگای سەرسووڕمانیشن. بەش بەحاڵی خۆم بەلامەوە جێگای پرسیارە کە ئەو بۆچوونەی چۆن چۆنی سازاندوە؟!

ناوبراو پاش ئەوەی هەندێ لەو بۆچوونە سەیرانە رز دەکات کە ناشارەزایانە و هەڕەمەکین، بۆخۆی دەکەوێتە لێکدانەوەی وشەکە .

لای ئەو، وشەی هەورامان لە دوو بەش پێک هاتوە: «هەورا» و «مان»

دەڵێت: «هەورا» ، لە ئاهووراوە هاتوە. پاش ئەوەی هەندێ سووانی بەسەردا هاتوە و وەهای لێهاتوە کە واتای خوای گەورە بدات.

«مان» ، پاشبەندێکە و پاش کورت بوونەوە وەهای لێهاتوە! ئەمەش نیانێکی مادەکانە. یا خود ریشەیەکی رەسەنە لە زمانی مادەکاندا بە واتای زەوی هاتوە.{ مێژووی هەورامان ـ

لاپەڕە: ٦٠٩ }

پاشان بۆخۆی دەکەوێتە کارو بۆچوونێکی یەکجار سەیر دەردەبڕێ و دەڵێ : وشەی هەورامان، کورتکراوە یان بچووک کراوەی وشەی لێکدراوی (ئاهوورامەزدامان)ە و بەرەبەرە بە پێی یاسای ئاسانبوون کە زمان پیایدا دەڕوا، بەوجۆرەی ئێستای لێهاتوە؟!!!(هەمان سەرچاوە)

جێگای کەسەرە کە کەسێکی وەک حەمەئەمین هەورامانی کە پێشتر چەند کتێبی لەسەر زمان داناوە، وەها بۆچوونێکی هەبێت و لانیکەم سەرنج بەکۆنترین سەرچاوە بۆ وشەی هەورامان، کە وشەکەی سەیدیە نەدات؟! و وەها وشەیەکی ناقۆلا و بێ بنەما دابتاشێ!

هەورامانی لە بە ناو مێژەوەکەیدا هەڵەی گەورەتریشی کردوە. بۆ نموونە هەندێ لە جێناوەکانی وەها گۆڕیوە کە هڕیان بەسەر فرەوە نییە. بۆ نموونە: نژماری کردوەتە- نجمار و هەجیجی کردوەتە: - هەژیر و ئورۆمۆنی کردوەتە - ئاهوورامەزدامان!!(هەمان سەرچاوە: لاپەڕەکانی:٤٨٤ و ٦٠٩ و ٩٠٨)

سەرەڕای ئەو ماناکردنە بێ بنەما و رواڵەتی و سەرەکیانە، دەبێ بگوترێ کە وشەی هەورامان، وشەیەکی کۆن و دێرین و پڕ مانایە. خۆڕسک نییە کە ئەم وشەیە هەنووکە بە سەر دەڤەر و کلتوورێکی ئەتنیکی و دێرینی کوردان دا بڕاوە و وەک یادگارێک ماوەتەوە. هەر بۆیە پێویستە هەر توێژینەوەیەک لەسەر ئەم وشەیە بەبەڵگە و خاوەن فاکت بێت و ببێتە چرکەیەک بەرەو روونکردنەوەی پتری مێژوویەکی دێرین.نەک ببێتە دەسگیرەیەک بۆ خۆ دەرخستن و خۆ قوتکردنەوە!!

بەجەختەوە دەبێژم کە دەبێ هەر بۆچوونێک ، تەنیا و تەنیا وەک یەک بۆچوون بێتە ڤەشان و بەمانای تەواوکەر و هەموشت سەیر نەکرێت. (بەم دەقەشەوە).

وتاری بەردەست دەکۆشێ بە پێی فاکتە بەردەستەکان، تۆماڵی سەرسیمای وشەی هەورامان بکات و هەنگاوێک بەرەو روونکردنەوە و هاندانی دیترانی خاوەن بەڵگە بۆ درێژەدان بەم رێگایە بەدوادا بێنێ.

هەرچەند نابێ بێتە نکولیکردن کە بەڵگە و فاکت لەسەر ئەم جۆرە وشانە، بەمێژووی شارستانییەتی کوردیشەوە کەم و دەگمەنن. هەر بۆیە ئەوە ئەرکێکی سەرشانە کە ئەو بەڵگە دەگمەنانەش بقۆزرێنەوە و بکەونە بەر سەرنج و بەرجەستەسازی. تا بەم جۆرە رێگەی توێژینەوە، بەردەوام و نەپچڕاو بێت.

ئەز مێژوویی و دێرین بوونی وشەی هەورامان، بەبەڵگەی مێژوویی لە لایەک و چەپکێ وشەی پڕمانا و هاوتەریب و دێرین، کە وەک شوێنناو، لە دەڤەردان و بوونەتە دەستەخوشکی وشەی هەورامان، لە لایەکی کەوە دەهێنمە سەلماندن و بەرجەستەی دەکەمەوە. لەسەر ئەو قەناعەتەشم کە وێڕای هەبوونی بەڵگەی مێژوویی، چەپکێ شوێنناوی جێگر لە زماندا هەن کە بەڵگەیەکی هاوسەنگن بۆ مێژوویی بوونی وشەی هەورامان. هەربۆیە ئەو چەپکە وشەیە رز دەکەم تا بەرەو مەبەست نزیکتر ببمەوە. وەها کارێکیش ئاساییە و زۆر پسپۆڕ پێی هەستاون. بۆ وێنە: دیاکۆنۆف، بۆ سەلماندنی باوەڕی خۆی لە ماناکردنەوەی راستەقینە، نەک ئەفسانەیی ـ وشەی زەردۆشترە، لە چەپکێ ناوی هاوسەردەمی ئەو وشەیە کەڵک وەردەگرێ و دەڵێت: " بۆ وێنە ناوەکانی شوێنکەوتوانی نزیک لە زەردەشت لە بەرچاو بگرین: ویشتاسپ، بەمانای خاوەن ئەسپی جەنگی ـ فرەئۆشترە، بەمانای خاوەن حوشتری زیتەڵ(٥) ـ

ئەسپەچنە، بەمانای خۆش ویستی ئەسپ ـ گئوماتەی مۆغ، بەمانای ژیری گاوسیفەت ـ و ...

کەواتە زەردەشتیش یەک لە ناوە سەرزاریەکانی ئێرانی ئەوکات بووگە. پاشان دێتە سەر ئەو باوەڕە کە زەردەشترە بەمانای خاوەن حوشتری زێڕەنگی ئازایە(٦).

بە پشت بەستن بەوەها کارێکی بەڵگەهێنانەوە و لە پێناو بە روونکتر کردنی مەبەستی ئەم وتارە، ئەم چەپکە وشە دێرینە بەرجەستە ئەکەمەوە. چەپکێ وشە کە ئەتوانن بەرەو سەرچاوە مێژووییەکان هێڵبەری راساڵ (٧) بن.چوونکوو وشە تەتەیەکی (٨) بەهێز و ئەمانەتپاریز و دەسنەگر بوە بۆ پاراستنی زۆر دەسپێک و شارستانییەت و رووداو و کەسایەتی مێژوویی و نەریت.

بەجاران: باوەڕ، رووداو و کارەسات، ویست و حەز، کەسایەتی و ... لە لانی هێمنی وشەکاندا دێنە پاریزگاری و لە گۆڕانکێی ملهوڕانەی خاوەن دەسەڵات دەپاریزرێن. ئاشکرایە کە زۆرجار بەدەسەڵات گەیشتوان دێنە کۆشان بۆ سڕینەوەی ئاسەوار و کلتووری پێشینان و نابەدڵانیان. بەتایبەت دەسەڵاتدارە ملهوڕ و دۆگم و ناجەماوەریەکان. هەر بۆیە پسپۆڕان بە لێکدانەوەی وشە کۆن و ئەتنیکیەکان، لە رەهەندی لێکدانەوەی مێژووییەوە ( لێکسیکۆلۆژی)، دەگەنە بنەمای زەینی خولقان و لەدایکبوونی وشەکان.ئەو بنەما زەینیانە ئەبنە سەرچاوەیەک بۆ باوەڕ بەروالەت یان ناواخنی رووداو و هەبوە مێژووییەکان. ئەو هەبوانە کە لە حەشارگەی وشەدا هاتوونەتە ئەمان.

زۆرجار بوونی وشەیەک بوەتە سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراو بۆ لێکدانەوەیەکی مێژوویی. ئەوەیە کە دکتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف جەخت لە سەر نرخی وشە ئەکات و لە کتێبی( وشەی زمانی کوردی )دا دەڵێت : " کاکڵ و کەرەستەی لێکۆڵینەوەی لێکسیکۆلۆژی بەر لە هەموو شتێک وشەیە ".

لەبەرچاوگرتنی ئەو راستیە کە هۆکارە ناوەکیەکان (کەمتەرخەمی و نەخوێندەواری و کزی هەستی خاوەنداریەتی لە لای جەماوەر) وهۆکارە دەرەکیەکان ( هێرشی پەیتا پەیتا و کاولکاری هێز و دەسەڵاتی پەلاماردەر و ناخۆیی و بەتایبەت بەدەسەڵاتی هێزە ناخۆییەکان )، بوونەتە هۆی زۆر کارەساتی ناقەرەبوو و وێرانگەری کلتوور و مێژوو و دیاردە ئێرەییەکان، بەتایبەت فەوتاندنی زۆر وشەی ئێرەیی، سەرنجدان بەوشە دێرین و خۆییەکان پتر بەرجەستە دەبێت و بەکارێکی ئەرێنی دێتە ئەژمار.

زمانی کوردی، بەهەموو زاراوەکانیەوە، پڕە لە زۆر ناوی تۆپۆنۆمیکی (جوگرافیایی)، ئەنۆماستیکی ( تایبەتی )، و ناوی ئەتنۆمیکی ( ناوی هۆز و نەتەوە)، کە هێشتا بەشێوەی کۆن پاریزراون و ماونەتەوە. لێکدانەوە و خەرمانەی ئەم وشانە دەتوانێت شۆڵە بخاتە نێو تارمایی مێژووی زێدەکەمان.

ئەسکۆڵ : ناوی هۆز و نەژادێکی کۆنە. ئەسکیلیشیان پێ وتوە. (ن.یا. مار)، لە سەر ئەو باوەڕیە کە ئەم وشەیە یادگاری سەردەمی ئەسکیتیەکانە. هەنووکە ئەسکۆڵ ناوی گوندێکی بناری کێوەکانی سورێنە و لە گوندەکانی وەیسە و سیاناو نزیکە.هیرۆدۆتیش دەڵێ: ئەسکیتەکان و ئەسکۆلۆتەکان دوو خێڵی هاوسێ و خزم بوون. ئاندرە گۆداریش کە لە کەلوپەلی دۆزراوەی ناوچەی زێویەی کۆڵیوەتەوە ، دەڵێت: سەرچاوەی ئەسکیتەکان کە کۆچەر بوون، ماد و مانابیە. ئەسکیتەکان گوایە بەر لە مانناش لە ناوچەی سەقز و زێویەی ئێستادا بووگن.(مێژووی ماد، دیاکۆنۆف،وەرگێڕانی بورهان قانع، لاپەڕە:(٣٤٧ـ ٣٤٢ )

ئیجیجی: لای بابلیەکان وەک خێوی زەوی و خودای کەم بایەخ سەرنجی دراوە. ئەرکی خزمەتگوزاری بە خودایانی باڵادەست بوە. پەرستگەی تایبەتی هەبوە. لە هەڵبەستی پاڵەوانیی ئاتراحاسیس دا هاتوە: ... ئەرکی کشت و کاڵ و خزمەت کردن بە خودایانی گەورە خرایە سەرشانی خودایانێک کە ئیجیجیان پێدەڵێن. لە نێو خودا جێ باوەڕەکانی ئەو سەردەمە، تەنیا خودای ئیجیجیەکان وەک مرۆڤی ئاسایی لە گەل مەینەت و چەرمەسەرە کاندا ئەژیان. ئەوە بوو کە توورە بوون و لە ئاست وەزعی نالەباری خۆیان، شۆڕشیان کرد(٩).

هەجیج ناوی گوندێکی هەورامانە کە لە ئاستەمانییەک هەڵکەوتوە و خەڵکەکەی لە سەر ئەو باوەڕەن کە لە تیرەیەکی رەسەن و موقەدەسن و ریزیان واجبە. خەڵکەکەی کە(هەجیجی) یان پێدەڵێن، دەسەیەخەی ژیانن و بەردەوام بەسەرپێی خۆیانەوە وەستاون و بەپێی پێوەرە سونەتیەکان ، پیشەگەر و ئەهلی دەسکرد بوونە.

بارەگایەک لەوێیە کە بارەگای کۆسەی هەجیجی پێدەڵێن و بەلای خەڵکەکەوە جێگای رێزو حورمەتی تایبەتە و تەنانەت نەزرگە و زیارەتگەی خەڵکی دەڤەر و شارەکانی کوردەواریشە.

ئەرارا : یەک لە خوداکانی بابلی بوە کە وەک پارێزەر لە تاعوون

پەرستش کراوە. میفەرک یان دیاردەی ئەو خودایە کراوەتە ملی منداڵ تا لە ئازاری تاعوون پاریزراو بێت.ئەم ناوەش بەسەر باخێکی خنجیلانە کە بە سەر کێوەکانی پشت شاری هەورامانی تەختەوەیە، ماوەتەوە . ئاوی کانیاوەکانی، هەنووکەش یەک لە سەرچاوەکانی ئاوی هەورامانی تەختە.باخەکەش هاوینە هەوراری شێخ عوسمانی دوورڕ بووە.هەروەها لە کتێبی ئوستوورەکانی نێوچوماندا هاتوە کە«ئەرارا» خودای تاعوون بوە کە بەفرتۆڵ *، مەردووک، گەورە خودای بابلیەکان دەنێرێتە ژێرزەوی و لە نەبوونی ئەودا بابل پەرتەوازە و شپرز ئەکات. جڤات، لەوحەکەی بەسەردەرگەی ماڵەکانیانەوە شۆڕ دەکەنەوە تا لە ئازاری تاعوون پاریزراو بن.

هەروەها لە درێژەدا هاتوە کە : ئەوکات مەردووک بەدەم ناڵە و شیوەنەوە گازەندەی لێدەکات و پێیدەڵێ: تۆ راستی و راسالی و هەق و ناهەقت تەفر و توونا کرد، ئەرارا لە وڵامدا دەڵێ : چ دەڵێی، من بە لە ناوبردنی هەرئەوەی نادرووس بوو هەستام.**

بڵ : لای بابلیەکان خودای تۆفان و ئاوە ژێرئەرزیەکانە.وەک قوولاییەکانیش بەرسەرنج بوە. ئێستاکەش بڵ، ناوی کانیاوێکی پڕئاوی سازگارە کە لە نزیک گوندی هەجیج دا هەڵکەوتوە و سەیرانگای خەڵکە و بەجاران دەبێتە هۆی حەسانەوەی زائێرانی کۆسەی هەجیج.

تەتە : لای ئاشووریەکان مانای لەوحی نووسراوی داوە. ناوی شاخێکی دەڤەری هەورامانە کە هەوارگەی نەویجەڕی لهۆن پاڵی پێوە داوە. دوور نییە لەوحێکی نووسراوی ئاشووریەکانی لێبێ کە هێشتا نەدۆزرابێتەوە.

زاموا ـ کورزا : زاموا یان مازاموا، ناوچەیەکی کۆن و مێژووییە کە لە سەردەمی خۆیدا خاوەن دەسەڵات بوە و ناوی لە سەرچاوە ئاشووریەکاندا بەجاران هاتوە. لای زۆرێک لە خاوەن رایان ناوچەی هەڵەبجە و شارەزووری ئێستای گرتۆتەوە و پەلی بۆ نێو شاخەکانی هەورامانیش کێشاوە و تەنانەت هەندێ جار تا زرێباریش کشاوە. لە سەردەمێکدا دانیشتوانەکەی لۆلۆیی بوونە.

«ماوەزا» ، ناوی باخاتێکی گوندی دزڵیە کە دەراوسێ یان بەشێک لەو دەسەڵاتە بوە و لە مازامواوە زۆر هاوشێوەیە. ئەم باخە لە لایەن خانەکانەوە دەستی بەسەردا گیراوە و ئاوەدانتر کراوەتەوە. لە پشت ئەو باخەوە ولە پێدەشتی کێوێکی بڵند و لە بنپاڵی کانیاوێکی پڕئاو کە بە سەرچەمەی نۆشروان بەناوبانگە، دۆڵێک هەیە کە بە کورزا بەناوبانگە. مێژووزانان ئاگادارن کە کورزا، یان کورزاموا، مانای زاموای کوێستانی داوە. ئەو ناوانە هەنووکەش لە نێو شاخەکانی هەوراماندا هاتوونەتە پاراستن.

ژوونێ : خواژنی یۆنانیەکانە.ژوونێ ناوی باخ و هەوارێکی هەورامان ( گوندی روار، زێدی مەلا خدری رواریە ) ، ئەم هەوارە بە شاخەکانی کۆساڵانەوە هەڵکەوتوە و بەسەر رۆخانەی سیرواندا ئەڕوانێ.

شواڵا: ناوی خودای دەغڵ و دانی هووریەکانە. ئەم ناوە ئێستاکەش لە دەڤەری هەوراماندا ماوەتەوە و ناوی بەشێک لە زەوی و زاری پڕ دەغڵ و دانی گوندی دزڵیە. ( تاریخ ایران باستان ـ حسین پیر نیا ـ س: ٢٢٣ )

شووئیژە : لە سەردەمی مادەکاندا، لە کاتی دابەشکردنی مەحاڵەکاندا، بەمانای بەخش یان ناحیەی ئێستا هاتوە. شوئیشە یان شووئیژە، ناوی گوندێکی دەڤەری کەلاتەرزانە کە لە گوندی نگڵەوە نزیکە.

کور: وشەیەکی مادیە کە مانای کێو ئەدات. کورە میانە و کورە مریەم و ... هەنووکەش بە سەر ناوی هەندێ شاخی دەڤەرەوە ماونەتەوە. تەنانەت کورە، وەک دیاردەی نێرینەیی بەفراوانی بەکاردەبرێت. وەک : کورە زۆکە ( کوڕی نەوجەوان) ، کورەو پیازی یان پسڵی( ١٠ ).

کۆلار : ناوی یەک لە کێوە بەرزەکانی لۆلۆییەکان لە نێو کێوەکانی زاگرۆسدا بووە. کۆلار، لەم سەردەمەشدا ناوی یەک لە کێوە بەرزەکانی هەورامانە کە دەڕوانێ بەسەر دەربەنی دزڵیدا.

مرگ یانا : ناوی دەسەڵاتێکی زەردەشتی بوە. مرگ، ناوی گوندێکی دەڤەری مەریوانە کە نزیک گوندی

نەنە و نژمـارە. ئەم گـوندە خـاوەن مێژوویەکی سەرنجڕاکێشە.

نێ: ناوچە و شـارێکی ئاشووریەکانە. نێ، مـانای شـاری خـوێنی داوە. لە برێ سـەرچاوەشدا، نێ، بەخـوێن مـانا کـراوەتەوە. نێ، ناوی یەک لە گـوندەکـانی بەرەی زرێبـاری مـەریوانە کـە لە قـەڵای مـەریوانەوە نزیکە و پاڵی بەکـێوی سەرسەوزی میراجیەوە داوە.

نین گاڵ : یەک لە خودا بابلیەکان بوە و پەرەستگەی تایبەتی هەبوە. " لۆگڵ"، ناوی پەرەستگەیەکی بابلیەکـان بوە کـە دوور نییە پەرەستگەی نین گـاڵبێت. ئەم وشـەیەش لە نگڵەوە زۆر نزیکە. نگڵ، ناوی گـوندێکی دەڤـەری مـەریوانە کـە قـورئانە دەسنووسە مێژینەکەی لێیە. نگڵیەکان لایانوایە: شـوانێک بەرێکەوت سندووقـێک ئەدۆزێتەوە کە قورئانەکەی تێدا بوە. گوایە لە نووسراوێکی نێو قورئانەکەدا ئامـاژە بە ( نۆگڵ ) کـراوە کـە ئەوان دەڵێن بەمانای گڵە تازیە.هەر بۆیە لایانوایە ناوی پێشووی گوندەکەیان نۆگڵ بووگە. من وای بۆ دەچم کە ئەو وشـە نووسـراوە: نەک نۆگڵ، بەڵکوو لۆگڵ بوە و لەبەر بێ مانا بوون بە لای نگڵیەکانەوە، بە نۆگڵ لێکدراوەتەوە. لە لایەکی دیکەشـەوە ئاوەز پەسـەند نییە کە قورئانێکی وەها بەبایەخ کە لە جیهاندا تەنیا چەند هاوتای هەیە، لە گـوندێکی دوورکـەوتەی ئەو سـەردەمـە بێتـە دانان. بۆیە شکمـان لەوە قـایمتـر دەکـات کـە ئەوکـاتیش ئەوشـوێنە پەرەسـتگە بووبێت و پێگەی پیرۆزی مسۆگەر کردبێت. ئەمـەش هانێک بوە بۆ دانانی وەها قـورئانێک لەو شـوێنەدا. بەتایبـەت هەبوونی ئەرارا و ئێـجـیـجی لە دەڤـەرەکـەدا ، ئەتوانێ پاڵپـشـتـێکی دیکەی وەها بۆچوونێک بێت. مەگەر سەردەمێک لێکۆڵینەوەی ژێر زەوینی و کەوناراناسی بتوانێ راستیـەکـان بەدیار بخات.

( نژمـار :یان ناژەمـار، «ناژە» بە باوەڕی دیاکـۆنۆف، وشـەیەکی ئاشـووریە و بەمـانای ئەیالەت بەکاربراوە. زۆر پسپۆڕیش جەخت لە سەر ئەوە ئەکەن کە "مار"، بەمانای مـاد بوە. وەک ئەزانین، مـادەکـان لە لایەن نەتەوەکانی دیکەوە بەناوی جیا هاتوونەتە ناوبردن. وەک : مـاد ـ مادای ـ مید ـ میدیا ـ مار و ...

بەم پێیە روون دەبێتەوە کە «نژمار» مـانای مـەحـاڵی مـاد، یان بەواتای هەنووکە: ئەیالەتی مادە.

داریان : هەنووکە ناوی گوندێکی هەورامانە . بەتلیمووس لە سەر ئەو باوەڕیە کە داریان، بەشێک لە وڵاتی ماد بوە.

وەریتـرە : varitra : لە زمـانی مادەکاندا مانای حەشارگە و شوێنی کلی داوە. لە بناری کـێـوەکـانی سوورێن و لە نزیک گـوندی وەیسـە، مەحاڵێک هەیە کە دارستانێکی چڕ و پڕ شـاخ و داخ و هەرد و هەڵەتە. تا بەر شـەڕی هەشت سـاڵەی ئێـراق ـ ئێران، حەشارگەیەکی بێ وێنە بوو و ببـوە لانی ئارامی ورچ و گـورگ و خووک و دەیان دەعبای تری کێوی، بەڵام مەخابن لە سەردەمی شەڕدا، لە لایەن دەسـتـێکی ڕەشـەوە، بەمـشـاربەرقی کـەوتنە گـیـانی و دارسـتـانەکـەیان قـەڵاچۆ کـرد، بەڵام بەخۆشیەوە سەوز بوویوە. شوێنەکەی ئەمـانخـاتە سـەر ئەو باوەڕە کـە قەناعەت بکەین ئەم ناوە هەمان ناوی کـۆنی مـادیە کـە لە دەڤـەرەکـەدا مـاوەتەوە و لەم شـوێنە کلەدا پاریزراوە.

توێژەری لاو، کامیل سەفەریان لە سـەر ئەو باوەڕەیە کـە وەرترە، لە ئاوێسـتـادا بەمـانای حەشـارگـە و تەنانەت «دز»یش دێت(١١).

وەیسـە : ناوێکی مـادیە. بەمـانای گـوندی ئەمـڕۆ هاتوە. شـوێنێک کـە مـەکـۆی ژیانی خـەڵکی بێت. ویسبـاخ، وەیس بە خـانوو و وەیس پتی بە کـۆشـک نشین لێک ئەداتەوە.زانایەکی تربە ناوی توولان ، لە وەیسباخ زێدەتر دەچێت و وەیس بەمەقەڕی سەڵتەنەتی واتا دەکاتەوە. هەروەها کـەسـێکی تر بەناوی کنت، لەسـەر ئەو قـەناعـەتەیە کـە وەیس: کـۆشکی شـاهانە و بنەمـاڵەی شاهیبە()٢.

وەیسـە، ناوی گـوندێکی دەڤـەری سوورێنە کە کەوتۆتە بناری باکووری رۆژهەلاتی ئەو کێوانە.لەزرێباریشەوە زۆر دوور نییە. خەڵکی دەڤەر لە سەر ئەو باوەڕەن کـە ئەم گـوندە کـۆنتـرین گوندی دەڤەرەکەیە.

( هەسـوون، یان سـوەنی: ناوی چیـایەکی بەرزی لۆلۆبیەکـان بوە. ئەم

ناوە ئێستاش ناوی شاخێکی بەرزی هەورامانی لهۆنە لە نزیک گوندی دزاوەر.

زابان ، ناوی شارستانییەت و کیشوەرێکی کۆنە کە کەوتۆتە دەوروبەری رووباری زێ، گوایە زێی بچووک(١٣).

هەنووکە ئەم ناوە بەسەر قەڵایەکی کۆنەوەیە کە لەسەر شاخێکی بەرز هەڵکەوتوە و بە قەڵا زابان ، یان قەڵا زەبان، بەناوبانگە. ئەم شاخە لە باکووری گوندی دزڵیە و گوندەکە پاڵی پێوە داوە.

زرێبار : گۆلێکی جوان و زوڵاڵی کوردەواریە کە کەوتۆتە رۆژئاوای شاری مەریوان و چوار دەوری بە کێوی سەرسەوز و پردارستان رازاوەتەوە و بیەسە سەرچاوگەی زۆر ئەفسانە و رازی خۆماڵی. ئەم ناوەش مێژوویەکی تایبەتی هەیە کە لە وتارێکی سەربەخۆدا باسم لە سەر کردوە و ئەکەوێتە بەر دەستی خوێنەران.

هەنجمنە : بەمانای کۆبوونەوە و (جەلەساتی) مادی بوە. ئەو کۆبوونەوانە کە باشترین کەسەکان تێیدا بەشدار بوونە. هەجمنە، ناوی یەک لە گوندەکانی دەڤەری شامیان و نزیک شارۆچکەی سەوڵاوایە.

بێلوو (bulu)، لای ئاشووریەکان بەمانای خودا و خێو بووگە. ناوی یەک لە گوندە کۆنەکانی مەریوانە. بەتایبەت کە لە نزیک ماوای بەردە بووکەکان، هەڵکەوتوە. ئەو بەردەبووکانە کە یادگارێکی کۆن و خاوەن مێژوویەکی دێرین. بەداخەوە لە لایەن دەستانی زێرپەرەستەوە بە تالان بران. هەر لەو کاتەدا وەدەنگ هاتم لە حەفتەنامەی سیروان [پیش شمارە دهم ـ ٢٠ تیرماە 1377]و گۆڤاری سروەدا لە سەرم نووسین و هاوارم بۆ بەرگریکردن لە قەلاچۆکردنی ئەو شوێنە دێرینە بەرز کردۆتەوە.

ئەسپەرێز: ناوی گوندێکی هەورامانە. لە کلتووری مادەکاندا، ئەسپەریزە، مانای رامێنگەی ئەسپی *** داوە.

سلێن : ناوی گوندێکی هەورامانە. لە ئوستوورەکاندا بەمانای خودای مانگ هاتوە

وەرۆ : ناوی گوندێکی دەڤەری کۆماسی مەریوانە. وەرود، لە ئوستوورەکانی زەردەشتیدا ناوی گوندێکی زەردەشتی بوە کە بەسەر رۆخانەیەکدا روانیویە و لە شوێنێک بە ناوی زۆر یان زوور، بەمانای ئاوی پیرۆز هاتوە. دوورنییە شارەزوور لەو ناوەوە گیرابێت و مانای شاری ئاوەپیرۆزەکان بدات. بەتایبەت کە زۆر چاوگەی پاک و زوڵاڵی وەک زەڵم وریشێن و ... لە بنارەکانییەوە بە قڵوەزە بوونە.

ئەم شوێنناوانە کە تەنیا وەک بەشێک لە شوێنناوی پرمانای دەڤەر و لە پێناوی شایەدی مێژینە بوونی «وشەی هەورامان » و بەبەڵگە قسەکردن لە سەری، هاتنە ریزکردن، بانگچڕی راستیەکی حاشاهەڵنەگرن کە کۆن بوونی وشەکەیە. ئەگەر بە شوێن ئەم ناوانەدا چەپکێ وشەی بە جێماوی شارستانییەتە کۆنەکان، بەتایبەت ئاڤێستایی و مادی، بێنە زیاد کردن و ئاماژە بەمانەوە و زیندوو بوونی هەندێ یاسای ئایینی و جێژنی کۆن ، وەک جێژنی پیرشالیار بکرێت، ئەوسا ترسی بەگوتره و قسەکردنی هەڕەمەکی لە سەر یادگارە کۆنەکان، زێدەتر دەبێت و ئەرکی میدیاکانیش لە بلاوکردنەوەی بەپارێزترو قورستر ئەبێت. بەتایبەت بگرە ئاماژە تەنیا بە چەند وشەی کۆنی ئاڤستایی و مادیی، بێ قازانج نەبێت:

- ئەپووش: خودای وشک ساڵی بوە.پووش، لە زاراوەی هەورامیدا ،بەمانای گژ و گیای وشک گەڕاوە.

-پەتیارە: لای ئێرانییە کۆنەکان مانای ئەهریمەنی بەدخووی داوە. ئەم وشەیە هەنووکەش بۆ کەسی شێت و گەوج بەکار ئەبرێت. پەتیارە و پەتەری بۆ وەسفی کەسێک بەکاردەبرێت کە گەوجانە و هەڵەهەڵ قسان دەکات.

- بان : بەمانای پارێزەر و چاودێر هاتوە. هەمان سیفەت، ئێستاکەش لە سەر هەمان ناو پاریزراوەو لە زاری دەڤەردا دێتە بەکار بردن.

- تاتە: وشەیەکی کۆنی ئێرانییە. بەمانای باوک هاتوە. تاتە، لە هەورامیدا مانای باوکە.

- ریز : لە ئاڤێستاییدا بەمانای :ریز، قەتار هاتوە. لە زاراوەی هەورامیدا دەڤاودەق هەمان مانا ئەدات. ( کوڕەکێ بە رز مدرێ : کوڕەکان بە ریز وەستان).

- زاماتە، وشەیەکی کۆنی

ئێرانییە. مانای زاوای داوە. لە هەورامیدا زەما، هەمان مانا دەدات. کە لە سۆرانیدا بووگەسە زاوا.

- سوور : surra، لە زمانی سانسکریتدا مانای پاڵەوان، ئازا و لێهاتووی داوە. لە هەورامیدا دەقاودەق هەمان مانا ئەدات.

- زێڵ : وشەیەکی ئاڤستاییە. بەمانای دڵ هاتوە. لە هەورامیدا وەک خۆی ماوەتەوە.

- رامەن : مانای سەرەوت و هێورکەرەوەی داوە. لەهەورامان و زۆر ناوچەی کوردەواری رامە، بەهەمان واتا بەکاردێت بۆ نموونە: بەو هێلکەیە کە لە ژێر مریشک دادەنرێ تا بگەڕێتەوە سەر هێلانەکەی و هێلکە نەبات دەڵێن، (رامە).

- دەسە، وشەیەکی ئاڤستاییە. لە ژماردندا ، مانای دەی داوە. لە هەورامیدا بە هەمان سیفەت ماوەتەوە. بۆ نموونە بە دە گوێز، دەڵێن دەسەیەک گوێز.

- ئەپیا، لای بابلیەکان خودای ژیری و حیکمەت و زایین و خولقاندنە. ئەم وشە شیرینە لە زاراوەی هەورامیدا بۆ دایک بەکار ئەبرێت.

- نینۆرتا: خودای شەڕ بووگە. لە کێوەکانی هەورامان گیایەک دەڕوێ کە نزیکەی میترونیوێک تا دوو میتر باڵا دەکات. ڤالۆرێکی(١٤) قایمی هەیە کە منداڵان وشک بوەکەی هەڵدەکۆڵن و ئامێرێکی بەردوەشێنی لێ درووست ئەکەن و گەمەی پێ دەکەن.زۆرجار گەورەکانیش لەو گەمەکردنانەدا بەشداری دەکەن. بەم گیایە نینۆر دەبێژن. کە یادگاری هەمان سەرچاوەیە.

- ڤایۆ: vayu، لە زمانی کۆنی هیند و ئێرانیدا بەمانای (خاوەنی با) هاتوە. ڤا، لە هەورامیدا وەک خۆی ماوەتەوە کە لە سۆرانیدا باو لە فارسیدا بادە.

- ڤەیڤ (وەیو) :vayv ، لە زمانە کۆنە ئێرانی و هیندیەکاندا مانای خودای فەڕ و بەرەکەتی داوە. ئەم ناوە شیرینە لە هەورامیدا [ڤەیڤ (وەیو) و لە زاراوەی ئەردەڵانیدا( وەوی)یە. کە مانای بووکی سۆرانی ئەدەن.

- هوودرە : لە ئوستورەکانی بابلدا هاتوە: هوودرە، مارێکی چەند سەر بوە کە لە زۆنگاوەکانی گورنادا بوە و هراکلس ـ هرکول ـ لە نێوی بردوە. هوودرە ، ناوی مێشوولەیەکی ملۆزم و ئازاردەرە کە ئەبێتە هۆی عاسی بوونی مرۆڤ.

زۆر وشەی دیکەش هەن کە ئەکرێ بێنە ریزکردن. بەڵام مایەی درێژدادڕیە و پێم وایە ئەم چەپکە وشەیەش دەتوانن شایەدی بەبنەمما بوونی کلتووری کوردی بەتایبەت لە دەڤەری هەورامان بن.

ورد بوونەوە لەو وشانە کە یادگاری شارستانییەتە جیاوازەکانن، ئەو وتەیەی بەڕێز دکتۆر جەمال رەشیدمان وەبیر دەهێنێتەوە کە دەبێژێت: «لە کاتی لێکۆڵینەوە لە بنچینەی وشەی کوردی، رووبەڕووی بیرێکی تێکەڵاو دەبین کە چەندین کۆمەڵی ئادەمیزاد، لەوانەیە لە وڵاتی کوردەواریدا نیشتەجێ بووبن.

پێویستە ئەوەش بە واتەکەی بەڕێز دکتۆر جەمال رەشید زیاد بکەین کە لەوانەیە زۆر دەسەڵاتی «هزر و ئەندیشە»، یان «زۆر و مەچەک» هەبووبن کە لە وڵاتی کوردانەوە دوور بووبن، بەڵام تەوژمی رۆشنبیری و باوەڕیان پەلی بەرەو ئێرەش کێشابێ و ئاسەواری دانابێ.

پاش سەرنجدان بەو چەپکە وشەیە کە وەک شوێنناو یان وەک بارەبەری مانای دیکە، لە دەڤەردا ماونەتەوە(١٥)، دەگەڕێمەوە بۆ سەر وشەی «هەورامان». حاشا هەڵنەگرە کە تاووتوێ کردنی وشەی هەورامان، بەشک و گومان، یان حەز و ئاوات نابێت. پێویستی بەفاکت و بەڵگە هەیە.

پسپۆڕانی بواری ئەدەب ئاگادارن کە لە دیوانەکەی شاعیری سەوداسەری دەڤەری هەورامان، سەیدی هەورامیدا(١٦)، راشکاوانە ئاماژە بە وشەی هەورامان(١٧) کراوە.

**ئەز ئورۆمۆن مەکانم بێ وڵاتم**
**سەروو پیری خوای گێرەن خەڵاتم**

ئەبینین وشەی ئورۆمۆن، وەک شێوەی هەرە کۆنی وشەی هەورامان هاتۆتە تۆمارکردن. بەداخەوە ئەم فاکتە گرنگە لە لایەن توێژەرانەوە، ئاوڕی زۆر کەمی لێدراوەتەوە. ئەمەش بۆ خەسڵەتی خۆنەڕتێنی و کەمترخەمی توێژەران ئەگەڕێتەوە، کە بەبێ دەسخستنی سەرچاوی شایستە،

دەستیان داوەتە باسێکی گرنگ. هەر بۆیە باسەکانیان ناسوودمەند و هەرەمەکی هاتوونەتە بەرهەم. یەک لە بەڵگەکانی منیش کە بەلەبەرچاوگرتنی،پێیان دەڵێم باسی سەرلێشێوێنەر، هەرئەویە.

بەپێی دەقی شیعری سەیدی، ناوی مێژینەی هەورامان: (ئورۆمۆن)ە. نەک هۆرئاما و هەورام و ئاهوورا و ئاورا و ... کە بەداخەوە هەر کەس بەپێی حەزی خۆی و بەبێ گوێدانە هیچ پرنسیپێک، بەکاریان ئەبات.

ئەرکە بۆ توێژینەوەی وشەی هەورامان، لە سەر ئورۆمۆن، زۆم بکرێت .

ئورۆمۆن = ئور + ئۆمۆن، «ئور» ، بەمانای شارە. کە بەباوەڕی هەندێک لە پسپۆڕان، وشەیەکی نێوچۆمانی و ئاشووریە. لای هەندێ کەسیش ئەم وشەیە زای(١٨) زاگرۆسە و لە زاگرۆسەوە ئاودیوی شارستانییەتی نێوچۆمان بووگە.

"ئومون" ، ناوی سەرەکی شارەکەیە. چوونکوو وەک وترا، ئوور، بەمانای شارە. ئوور فلان، واتە شاری فلان. ئوورشەلیم . ئوورمیە. ئوربیلا و ...

هەر بۆیە روونبوونەوەی مانای وشەی «ئومون» ، ئەتوانێ چارەسەر و رێنمایەکی بەهێز بێت بۆ لێکدانەوەی مانای وشەی هەورامان.

مێژوونووسی بەناوبانگ: ئیگور میخائیلویچ دیاکۆنۆف، نووسەری بەناوبانگی رووسی، کە پسپۆڕی مێژووی مادەکانە و کتێبە بەناوبانگەکەی لە سەر مێژووی ماد، بەهێزترین وبڕواپێکراوترین سەرچاوەی مێژوویی لە سەر مادەکانە و بنەما و بنچینەی هەر لێکدانەوە وبەدواداچوونێکی لەم بابەتەیە، لەسەر ئەو قەناعەتەیە کە وشەی ئۆمۆن: یان ئۆمۆن ماندا، بۆ مادەکان بە کارهاتوە . بۆیە بە جەختەوە دەڵێت: لەگەڵ روونبوونەوەی مانای ئەم وشەیە، زۆرێک لەو ئەفسانانە کە مێژوونووسان سەبارەت بە مێژووی ماد گلێریان کردبوونەوە، بەمەرگی ئاسایی فەوتان(١٩).

بەپێی ئەو بۆچوونەی دیاکۆنۆف، لێکدراوی مانای ئورومون: شاری مادەکان، یان دەڤەری مادە. وەک لە دەقەکەی سەیدی دا هاتوە: ئورۆمۆن. سەیدی نەیگوتوە: ئورمۆن، بەڵکوو لە نێوانی ئۆر و مۆن دا، «و» هاتوە کە خڕکراوەی« ئۆ»یە. کێ دەڵێ سەیدی ئاگاداری مانای وشەکە بوە، هەربۆیە بەساقی تۆماری کردوە و نەبوەتە مایەی شێواندن.

لە بەرهەمەکانی نێو دیوانەکەی سەیدیدا هەندێ وشەی کۆن و نوێ هەن کە ئاشکرا گۆڕانکاری بەسەر هاتوویان بەدیارە. بۆ نموونە "و" لە هەندێ شوێندا بوەتە «ا». بەتایبەت لە ناوەکاندا. وەک: ریۆن ، کە بوەتە ریان و پاشتر رێحان. یان : مۆنگ کە بیەسە مانگ و ... بەلەبەرچاوگرتنی ئەو بۆچوونە و ئەو چەپکە وشانە کە ریزکران، بەتایبەت ئەو شوێنناوانە کە هەرکامەیان یادگاری بنەمایەکی شارستانین، ئەکرێ بێژین کە هەورامان یان ئورۆمۆن: بەمانای شار یان دەڤەری مادەکانە.

بە باوەڕی من کلتووری ئەتنیکی و تایبەتی هەورامیەکان و جەختی خۆیان کە گوایە لە نەوەی کیانییەکانن، ئەم بۆچوونە بەگوڕتر ئەکات. بەتایبەت سانەکانی هەورامان، کە بەپێچەوانەی خانەکان، هەر لە دێرین زەمانەوە دەسەڵاتی دەڤەرەکەیان بەدەست بوە، بەجەختەوە بنچینەی خۆیان ئەبەنەوە سەر مادەکان و کیانییەکان. ئەوان خۆیان بەشێخ و سەید، ناهێننە ئەژمار، بەڵکو شانازی بەبنەچەی ئێرەیی و رەسەنی خۆیانەوە دەکەن.

هەر وەها ئەو راستیە کە وەک ئایەتۆڵا مەردووخ، لە مێژووی کوردوستاندا دەبێژێ کە دەڤەری هەورامان پاش سەدان ساڵ دوای دەڤەرەکانی دیکە و لە لایەن کەسێک بەناوی گوشایشە کوێرەوە بە تەواوی ئیسلامیان قەبووڵکرد، یان ئەوەی کە گوایە ئەسکەندەر نەیتوانیوە دزە بکاتە نێو شاخەکانی هەورامان و دەستی بەسەردا بگرێت، ئەتوانن پاڵپشتی دیکەی ئەوبۆچوونە بن.

---

١ـ بیروەهێنەر : بیرخەرەوە ، تداعی کننده(فارسی)

٢ـ بمێن : جاوید ـ ماندگار

٣ـ حەفتەنامەی سیروان ، ژمارە ٢٥٦ ، ، لاپەڕە ١٥، خولی شەشەم، ساڵی ١٣٨٢

٤ـ اندیشەی سیاسی از افلاتون تا

ناتو ـ برایان ردهد ، ترجمة: مرتضی کـاخی و ئەکـبـەر ئەفـسـەری ـ چاپی دووهەم ـ ساڵی ١٣٧٥ ک.ه)

٥ ـ زیتەڵ: چابک (فارسی)

٦ـ تاریخ ماد، ترجمه کریم کشاورز لاپەڕە ٣٥٣ـ٣٥٤

٧ـ راساڵ: راست ، سالم، بەمتمانە ـ سادق و راست بێژ

٨ـ تەتە : لەوح ، لێنووسراو

٩ـ مجلە کیان. شمارە ٤٥

١٠ ـ پسڵ : گـیـا دۆخـەوا. کـورە، نێرۆکی گیاکەیە.

١١ـ حـەفـتـەنـامـەی سـیــروان، ژمـارە٣٢٤ ،فـەروەردینی ١٣٨٤ ، لاپەڕە١٥

١٢ـ مێژووی ماد، لاپەڕە: ٣٠٨

١٣ـ مـێـژووی مـاد، دیاکـۆنۆف. وەرگـێـڕانی بورهان قـانع. لاپەڕە: ١٧٩

١٤ـ قالۆر : ساقە

١٥ـ دوور نـیـیــە لە زۆر دەڤــەری دیکەی وڵاتی کـوردەواریشـدا وشـەی هەمانچەشن هەبن.

١٦ـ ســەیدی هەورامی یەک لـەو شاعیرە بەهەست و سەوداسەرانەیە کە هەمـانـەیەک وشـەی کـۆنی بۆ ئێـمـە پاراستوە. لە دیوانەکەیدا، بەشێک لە شیعرەکانی بەزاراوەیەکی کۆنی گوران هاتوونەتە نقیـسین. ئەز بەش بەحاڵی خۆم پێم وایە ئەم شیعرانە پێشتر لە لایەن سـەیدیەوە دەسـخـراون و لە دەفتەرەکەیدا هاتوونەتە تۆمارکردن و نووسینەوە. ئەمەش بوەتە هۆ تا پاشتر لە لایەن هۆگـرانەوە وەک شـیـعـری خۆی، یان وەک شیعری سەیدی یەکەم بێنە بازگـۆ کردنەوە. لەم پێوەندەدا و لە کـتـێبی هێشـووی تاسەدا بە وردی باس و شـرۆڤـەم کـردوە. هەرچی بێت وشەی ئورۆمۆنیش یەک لەو وشانەیە کە لە لایەن شاعـیرەوە هاتۆتە تۆمار کـردن. بەم کــارەش ســەرچاوەی وشەکەمان بۆ بەدیار ئەکەوێت و ئـیـتر چ پێــویست بە شک و گـومــان و بەشکەم ناکات.

١٧ـ کـە ئەوترێ هەورامــان، وەک دڤەر، دوو پەنجەرە دەکرێنەوە. سەرەتا پەنجــــەرە بە رووی دەڤـــــەرێـکدا دەکرێتـەوە کە زۆر بەرین و بەربڵاوە. مـەحـاڵێک پێکهـاتوو لە هەورامـانی تـەخـت، هـەورامـــــــانـی ژاوەرۆ، هەورامــانی لهــۆن و هەورامــانی شامیان و هەروەها ئەو دەڤەرانەی کە پەرت بوونە. وەک کـەنوولە و قـەڵای لای قوورەو شارۆچکەکانی شومال و هۆزەکانی زەنگەنە و شەبەک و ...

بەڵام پەنجــەرەی دووهەم بەرووی دەڤەرێکی بەرتەسکتردا لاتراز ئەبێت کە ئەویش شاری هەورامانی تەختە. ئەگەر کەسێک لە نەوسوودەوە یان لە دزڵــیـەوە یان لە تەوێڵــەوە یان لە بێــســارانەوە بیــهــەوێت بۆ ئەو شـــارۆچکەیە بڕوات، دەڵێت: بۆ هەورامان ئەڕۆم. مەبەستی سەیدیش لە هەورامـــان شـاری هەورامــانی تەختـە. کە بارەگـای پـیـرشـالـیـار و شـالـیـارە سـیـاوەو زۆر پیـری دیکەی لێـیـە و مەڵبەندی زۆر یاسـای کـۆنی دەڤەرەکەیە.

١٨ـ زای : بـەدونـیـــــا هـاتـووی ـ لەدایک بووی ـ رسکاوی. (وشـەیەکی زاراوەی هەورامیە).

١٩ـ تاریخ مــاد ، ترجــمـە کــریم کشاورز

*: فرتۆڵ : نیرنگ (فارسی)

**: ئوسـتـوورەهای بین النهرین ، منریتا مک کال، ترجمە: عباس مخبر

***: رامـێـنگە : پەروەرشگای( فارسی)

—

لەم سەرچاوانەش کەڵکم وەرگرتوە:

ـ ادیان بشـر ، جـان نـاس ـ ترجـمـە: (علی اصغر حکمت)

ـ دین قدیم ایران ، موسی رصی

ـ تاریخ ایران باستان ـ حسین پیرنیا

ـ سـیـری در تاریخ ایران باسـتـان ـ فریدون شایان

ـ اساطیر ایران باسـتـان ، عـصـمـت عرب گلپایگانی

ـ فـــەرهەنگی ئـیــــریـەن ڤــــاچ ، حەمەئەمین هەورامانی

ـ مـێژووی هەورامـان ، حـەمـەئەمین هەورامانی

ـ بیلوگرافـیـای وڵاتی کوردەواری لە رووی زمانەوانیـیـەوە ، دکـتـۆر جـەمـال رەشید

ـ شــەرەفنامــەی شــەرەفــخـــانی بەدلیسی

ـ اسـطـورەهای زنـدگی زەردەشـت ، ژالە اموزگار ـ احمد تفصلی

ـ افسـانەهای بین النهرین ، هنریتا مک کال ـ ترجمە: عباس مخبر

ـ اسطورەهای بابل،

ـ اسطورەهای یونانی ، لوسیلان برن

ـ ترجمە: عباس مخبر